# ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لە دەستوردا

## ئالا فەرەج لە مێزگردێکی رادیوێیدا

ئالا فەرەج سەرنوسەری بلاوکراوەی یەکسانی لە مێزگردێکی ڕاستەوخۆی ڕادیویی‌دا لەگەل نیشتمان کەمال"بەرپرسی ڕیکخراوی ژین بۆ چارەسەری کێشە کۆمەلایەتیەکانی ژنان " کە رادیوی دەنگی زەحمەتکێشان لە شاری سلێمانی ڕیکیخستبوو لە رۆژی2005/7/3 دا، لە بەرنامەیەکی تایبەتدا سەبارەت بە ژنان‌و دەستور بەشداریکرد کە ماوەی بەرنامەکە نزیك بە دوو کاتژمێری خایاند.

ئالا فەرەج لە وەلامی پرسیارەکانی بەرنامەکەدا سەبارەت بە دەستورو ڕۆڵی ریکخراوەکانی ژنان باسەکەی بەوشێوەیە دەستپێکرد کە ئەوانەی ئێستا خەریکی دارشتنی دەستورن دژە ژنن‌و دەیانەوێت شەریعەتی ئیسلام بکەنە مەبنای مافەکانی ژنان‌و ئەوان سیاسەت‌و هەڵویستی خۆیان بە رانبەر بەژنان ڕاگەیاندوەو لەم بارەوە نابیت هیچ خۆشباوەرییەك هەبیت سەربارەت بەوهێزانە کە ئێستا لە عێراقدا دەسەلاتیان بەدەستەوەیە لە عیراقدا، بەتایبەت کە هیزەکانی ئیسلامی سیاسی ویستیان 8ی مارس رۆژی جیهانی ژن بکەنە رۆژی فاتیمەی زەهراو خەریك بون یاسای ئیسلامی 137 بسپەنێن بەسەر کۆمەلگای عێراقداو ئەوەندەی تر باری کۆیلەیەتی ژنان توند بکەنەوە. هەروەها باسەکەی هاتە سەر کۆکردنەوەو ریکخراوکردنی خەباتی ئەو ریکخراوانەی ژنان کەخواستی مافەکانی ژنانیان کردۆتە ئامانجی خۆیان، خەباتێکی جەماوەری لەپیناو یاسای یەکسانی ژن‌و پیاو جیایی دین لەدەوڵەت، خەبات‌و بزوتنەوەیەك کە ڕووی لەوە بێت، ئەم خواستان جێبەجیٚ بکات بەدەر نیە لە خەباتێك کە ڕووی لە وەلانانی ئەو هێزانەبێت. لەمیانەی مێزگردەکەدا، چەندین کەس بە پەیوەندی تەلەفۆنی پرسیاری دەکردو لەمیانەی باسەکەدا لەلایەن هەردوو بەشداربوانەوە وەلامدەدرایەوە.

بلاوکراوەی یەکسانی

2005/7/4